پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وئوسامەی کوڕی زەید وبیلال وعوسمانی کوڕی تەڵحە چوونە نێو کەعبەی پیرۆزەوە

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وئوسامەی کوڕی زەید وبیلال وعوسمانی کوڕی تەڵحە چوونە نێو ماڵی خودا (نێو کەعبەی پیرۆزەوە)*، ودەرگاکەیان لەسەر خۆیان داخست، وکاتێک دەرگاکەیان کردەوە (دەرگای کەعبەیان کردەوە)، من یەکەم کەس بووم کە چوومە ژوورەوە، وبیلالم بینی، وپرسیارم لێی کرد: ئایا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- تێیدا (لەناو کەعبەدا) نوێژی کرد؟ ئەویش (بیلال) ووتی: بەڵێ، لە نێوان دوو پایە یەمانیەکە». *(کەعبە: مەبەست شێوە چوارگۆشەیە کە بە پەردە داپۆشراوە لە ناوەڕاستی مزگەوتی حەرامدا لە مەککە)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

کاتێک خوای گەورە سەرکەوتنی بەخشی بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەویش بە فەتح وڕزگارکردنی مەککە لە ساڵی هەشتی کۆچیدا، وماڵی پیرۆزی خودا پاککرایەوە لە بت و وێنەکان پەرستراوەکان، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چووە نێو کەعبەی پیرۆزەوە، ودوو خزمەتکاری لەگەڵدا بوو؛ بیلال وئوسامە، ودەرگاوانی کەعبە عوسمانی کوڕی تەڵحە -ڕەزای خوایان لێبێت-، وچوونە ژوورەوە بۆ ناو کەعبە ودەرگاکەیان داخست بۆ ئەوەی قەرەباڵەغی دروست نەبێت کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دێتە ژوورەوە چونکە دەیانەوێت ببینن چۆن پەرستن ئەنجامدەدات، وئەمیش دەبێتە هۆی ئەوەی سەرقاڵ بێت لە مەبەستەکەی لەم شوێنە پیرۆزەدا کە نزا دەکات ودەپاڕێتەوە وسوپاسی خودا دەکات لەسەر ئەم نیعمەتە؛ وکاتێک بۆ ماوەیەک مانەوە دەرگاکەیان کردەوە. چونکە عبداللەی کوڕی عومەر زۆر سوور بوو لەسەر شوێنکەوتنی سونەتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-؛ بۆیە یەکەم کەس بوو کە چووە ژوورەوە پاش ئەوەی دەرگاکە کرایەوە، وپرسیاری لە بیلال کرد: ئایا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لێرەدا نوێژی کرد؟ ئەویش (بیلال) ووتی: بەڵێ، لە نێوان دوو پایە یەمانیەکە، لە ناوەوەی کەعبە شەش پایە هەبوو، سێ پایە لە پشتەوەی بوو ودووانیان لە لای ڕاستی ودانەیەکیان لە لای چەپی، وسێ باڵ لە دیوارەکە دوور بوو ودوو ڕکات نوێژی ئەنجامدا، ولە هەر چوار گۆشەکەی ناو کەعبەدا نزای دەکرد.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3148